کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23-8-2007 0:41

**ئەمەیە وەزارەتی ئەوقاف!!! ... هیوا نوری**

لەم ماوەیەدا لە سایتەكانی ئەنتەرنێتدا، مشتومڕێكی زۆر هەبوو لە نێوان مامۆستایانی ئاینی و ریكخراوەكانی مافی منداالندا، لە سەر ئەوخولانەی كە بۆ خویندنی (قورئان) لە مزگەوت و حوجرەكاندا لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و حزبە ئیسلامیەكانەوە دەكرێتەوە، منیش وەك ئەركێكی ڕۆژنامەوانی، بڕیارمدا بەدواداچونێك بۆ ئەم بابەتە بكەم، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی یەكێك لە مزگەوتەكانی ناوچەی گەرمیانم كرد، كە ڕۆژانە منداڵێكی زۆر وانەی ئاینی تێدا دەخوێنن (زیاتر لە 100منداڵ، تەمنیان لە نێوان (7 ساڵ بۆ 14 ساڵە، دەنك و دوانیش لە حەوت ساڵ كەمترن)، بەڵام بە داخەوە پاش هەندیك گفتوگۆ لە گەڵ ئەومامۆستایەی كە سەر پەرشتیاری خولەكانەو وتارخوینی مزگەوتەكە یە، بە ڕاشكاوی پێی وتین: (كە وەزارەتی ئەوقاف ڕازی نی یە، هیچ لایەن و ڕۆژنامەیەك سەردانی ئەو ژورانە بكات كە قورئانی تێدا دەخوێنرێت، هەروەها ناتوانن لە گەڵ منداڵەكانیشدا قسە بكەن و تە نانەت وێنە گرتنیش قەدەغەیە، ئەگەر بەڕێوبەرایەتی ئەوقاف ئاگادار نەكەنەوە، دەبیت بە ڕێوبەرایەتی ئەوقاف كە لە شاری دەربەندیخانە ڕازی بێت، ئینجا ئێمە دەتوانین ڕێگەتان پێ بدەین... ) من هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نە بووم كە وەزارەتی ئەو قاف بڕیاری وەك ئەم شێوەیە بدات، بەڵام وەك ئەو مامۆستا بە ڕێزە دەیگوت: (لە وانیە هەندێك لایەن ئیستغلالی بكەن بۆیە ئەوقاف ڕازی نی یە)، منیش وتم ئەگەر مەسەلەكە ئەمە بێت، ئەوە ئەوقاف ڕازی دەبێت، چونكە ئێمە سەر بەهیچ لایەنێك نین و لە ژێریاسادا كاری ڕۆژنامەوانی ئەنجام دەدەین، دواتر ئەو مامۆستایەی كە لە وێ بوو وتی:من دواتر پەیوەندی دەكەم بە بەرێوبەرایەتی ئەو قافەوە و پێیان دەڵێم... منیش ڕۆیشتمەوە... پاش ماوەیەك مامۆستای خولەكان، پێی ڕاگەیاندین كە بە ڕێوبەرایەتی ئەوقاف وتویانە ئێمە ڕازی نین!!!! بەڕاستی سەیرە، ئەگەر شتێكیان لە سەربنوسی هەرزو دێنە دەنگ و دەڵێن ئێوە بەدواداچون بۆ شتەكان ناكەن، كاتێكیش بە دواداچون دەكەیت ڕێگریت دەكەن!!! دیارە ئەم بابەتە قسە زۆر هەڵدەگرێت.. من لێرەدا كۆتای بە قسەكانم دێنم و بە جێی دێڵم بۆ ڕۆشنبیران و ڕێكخراوەكانی تایبەت بە بواری منداڵان....

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.